
ـ چیرۆک ـ
شەهیدانی
قەڵای
دمدم
مستەفا ساڵح کەریم
کوردشناسی
KORDSHENASI

"چیرۆک"

# شەهیدانی قەڵای دمدم

نووسینی

## مستەفا ساڵح کریم

ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عێراق

١٩٦٠

بەغدا

نەقابەی مامۆستایان

¤

**ئەوا** ساڵ بەرەو پاییز ئەڕوات .کاتی گەڵاڕێزانە و لە هەر لایەک سەیر ئەکەی خەڵکە و هەڵپەی کۆکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵیەتی .ئەو ناوە هەمووی هەر کەسەی ئەیبینی لە وڵاتی "تەرگەوەڕ" و" مەرگەوەڕ "و"شنۆ "و" ورمێ "هەموو بەختیار و دڵخۆشن کە سەرۆکایەتیی عەشرەتی" برادۆست "دراوەتەوە بە" ئەمیرخان"؛ ئەو ئەمیرخانە مەردەی کە ناوی بەسەر هەموو زمانێکەوەیە .باس باسی ئەمیرخان و قەڵاکەیەتی، کە وا تازە لە تەواوبوونی بووەتەوە بە یارمەتی

تیره و هۆزەکەی، هەموو دڵخۆشن بەوەی کە" شاە عەباس "ئەم سەرۆکایەتییەی پێ سپاردووە و دەستێکی زێڕینیشی بۆ کردووە، لەجێی ئەو دەسە بڕاوەی کە چەند ساڵێ لەوەبەر بڕییانەوە کە لە جەنگێکا بەر گوللە کەوتبوو لە یارمەتیدانی حاکمی سۆرانا .زۆریان پێ خۆش بوو کە ئەمیرخانی دەست لەپ زێرین ئەم قەڵا کۆنەی دمدمی سەرلەنوێ بۆ دروست کردنەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی تەنگانەدا فریایان کەوێ .ئا لەو کاتەدا، دەمەدەمی ئێوارەیەک ڕۆژ لە ئاوابوونا بوو، زەردە بەسەر چیاکانی کوردستانا ئەتوت چریسکەی ئاڵتونە و لە تاریکەشەوا دیارە .تاقەسوارێک لە قەڵای دمدمەوە بە تاو ئەیکوتا بەرەو گوندێکی پچووک کە لە نزیک قەڵاکەوە بوو، تازەش ئاوا کرابووەوە و زۆری دانیشتوانی لە ورمێوە بۆی هاتبوون .سوار چ سوارێ؛ سەرتاپای لە فیشەکا زەردی ئەکردەوە .تا دەست هەڵگری کەڵەگەت .ئەتوت نەمامە و چووە بە ئاسمانا !ئەسپێکی کوێتی لە ژێرا بوو، سەر و کلک گر، هەر قابیل بوو بەو شۆڕەسوارەی بە سەریەوە بوو کە بە دەستێکی تفەنگەکەی گرتبوو، بە دەستێکی تریشیەوە تونگ جڵەوی ئەسپە کوێتی گرتبوو .تاوی ئەدا وەک ئیشێکی زۆر پەلەی هەبێ تا گەیشتە سەر کانی و ئاوێ لە قەراخ گوندەکەوە .لە پشتییەوە پەڵەچنارێک هەبوو .چووە ناویان و دابەزی و ئەسپەکەی بەستەوە و خۆیشی بە دیارییەوە دانیشت .وردەوردە، ژنان و کچانیش کانییەکەیان بەجێ ئەهێشت و بە گۆزەئاوەوە ئەڕۆیشتنەوە . ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو کە تارماییی زەلامێک دەرکەوت .بەرەوڕووی ئەم ئەهات کە نزیک بووەوە و شەوقی مانگەشەوەکە لێی دا .چی دەرکەوێ جوانێ !نە بکەی، نە بخۆی، سەیری سای گەردنی بکەی .کچێکی بەژنوباڵابەرزی شۆخ وشەنگ، خرنگەی گۆبەرۆکی دڵی هەزاران سواری

وەک سوارەی ناو چناری ئەهێنایە جۆش .هەر کە نزیکتر بووەوە،خێرا ئەم هەڵسا و بەرەوپیری چوو .بە دڵێکی خۆشەوە پێی وت:

-ئۆخەی !ئەمە تۆی ڤیان ! هاتی .هەر ترسم بوو کە ئیمڕۆ نەتبینم.

-بەڵێ، منم !عەودالْبەگ !چۆن بە خەیاڵتا دێت کە نەیەم .تۆ یەکەلاوی برادۆست .تۆ تاقەکوڕی" ئەمیرخان "دڵت بدەی بە من و من پارێزگاری نەکەم .دەک ئەو دڵە بەر خەنجەر کەوێ ئەگەر وا نەبێ.

-نە !گیانی عەودالْ وا مەڵێ .هەرگیز من ئەوەم بە خەیاڵا نەهاتووە، بەڵام ترسی ئەوەم هەبوو کە فەرمانت هەبێ و نەتوانی بمبینی.

-بە خوا هەر کە بە مەحموودی نۆکەرتا وەڵامت بۆ ناردم، ئیتر لە خۆشیانا نەمئەزانی چی بکەم، کە ئەم ئێوارەیە ئەتبینم .تۆ ئەزانی لە کەیەوە نەمدیوی؟

-ئا ... ڕاست ئەکەی دەمێکە یەکترمان نەدیوە ... بەڵام خۆت ئەزانی خەریکی قەڵاکە بووین، تەواوکردنی قەڵاکە لە هەموو شتێ گرنگتر بوو لامان.

-باسی قەڵاکەت کرد بە خوا زۆرم پێ خۆش بوو کە شکور تەواوتان کرد پێش ئەوەی باران ببارێ .بە ڕاست هێشتا ناوەوەییم نەدیوە .ئەوە چۆنە ئەو قەڵایە؟

-ڕاستییەکەی تا نەیبینی نازانی چییە و چۆنە، بەڵام هەرچی بە خەیاڵا هاتووە، باوکم تیایا دروست کردووە؛ قوللەی شەڕ، قوللەی پاسەوانەکان، ژووری زەخیرەی جەنگ، ژووری

دەسوپێوەند، ژووری سەربازەکان، حەوزی باراناو و سارداو .قەڵایەکی تریشمان تیا کردووە هەر لە ناویا باوکم ناوی ناوە"قەڵای نارین "ئەوەیان هیی خۆمانە.

-ئۆە ... خۆزگە منیش تیا ئەبووم لەو قەڵایەدا.

-تیا ئەبی بەپشتی خوا ... بەڵام جارێ با نەختێ بکەوینە سەرخۆمان .ئەو کا بە یەکجاری ئەگوێزینەوە قەڵای نارین دوای زەماوەندێکی خۆش.

ئیتر کچە سەری نایە سەرڕانی عەودالْبەگ و هەناسەییێکی هەڵکێشا، ئەویش دەستێکی هێنا بەو پرچ و ئەگریجەی خاویا تا دەستی کەوتە سەر چاو و برۆی هەستی کرد فرمێسکی گەرموگوڕ لە چاوەکانی ئەکەونە خوارێ، زۆر بەهێمنییەوە پێی وت:

-ئەوە ئەگریت؟ !گیانە !ئەو چاوە جوانانە بۆ گریان نەکراون . ئەو جووتەچاوە جوانە هەر بۆ ئەوە کراوە کە چاوی کچە کوردی پێ بناسرێتەوە لەناو هەموو جوانانا، کە سەربەرزانە هەڵیانبێنی و بیبڕیتە چاوی دوژمن . پێم بڵێ بۆ فرمێسکیان پیا دێتە خوارێ؟

-چی بێ لە تۆی بشارمەوە قەڵا بەرزەکەم !بە خوا ئەترسم پێک نەگەین و خۆشەویستییەکەم بەرمە خاکەوە لەگەڵما.

-چۆن؟ !چۆن شتی وا دێ بە بیرتا ؟ !تازە هیچ کۆسپێک نییە لە ڕێمانا .لە دەربەدەری و کوێرەوەری و ئەم شاخە و شاخ ڕزگارمان بوو .قەڵاکەمان تەواو کرد . تازە ئیتر هیچ هێزێک نییە لە جیهانا لێکمان جیا بکاتەوە.

-ده شەرت بێ منیش بە تۆ نەبێ شوو بە کەسی تر نەکەم ... ئەگەر بۆ تۆ نەبم ئەبێ کفنەکەم بەرگی بووکێنیم بێ ، بەڵام دڵم زۆر بێئارامە، هەردەمەی شتێ ئەبیستم و کارم تێ ئەکا.

لەپڕ خشپەیەک هات لەناو چنارەکانا .خێرا عەودالبەگ دەستی دایە تەفەنگەکەی و فیشەکی بردە بەر لوولەکەی و خۆی ئامادە کرد و نەڕانی:

-کێی زەلام؟ کوژرای!

کابرایەکی چەتەوڵی ڕەشتاڵە هەڵسایە سەر پێ و بە زمانێکی تێکەڵوپێکەڵەوە:

-منم گەورەم !منم مەحموودی نۆکەرت،"مەحموود کیهەکانی."

-چیت ئەوێ خولە؟ ئەوە بۆ هاتووی بەم شەوە؟

-میرم !بە خوا باوکت فەرمووی لە هەر شوێنێک بی، بێم بە دواتا؛ چونکە کاری پێت هەیە.

-دە بڕۆ سەر کانییەکە .وا منیش سوار ئەبم و دێم .عەودالبەگ دەست ئەکا بە کردنەوەی جڵەوی ئەسپەکەی لە چنارەکان و ڕوو ئەکاتە ڤیان و پێی ئەڵێ:

- با بتخەمە پاشکۆم و بتبەمەوە بۆ ناودێ.

بەڵام کچە بە توڕەییەکەوە ئەڵێ:

-هێشتا کچانی برادۆست وایان لێ نەهاتووە لە کەس بترسن.

هەر وا ئەڵێ و دەست ئەکا بە بەر باخەڵیا .لەژێر سوخمەکەیەوە خەنجەرێک دەرئەهێنێ و بەرزی ئەکاتەوە، مانگەشەوەکە لێی ئەدا ئەبریسکێتەوە لە بەرچاوی عەودالبەگ .ئەمیش دەست ئەکاتە ملی و ناوچەوانی ماچ ئەکا و پێی ئەڵێ:

-ئەبێ ئەمیرخان بووکی وەهای بێ!

بەڵام ڤیان سەر ئەنێتە بناگوێی عەودالْبەگ و ئەچرپێنێ:

-بە خوا من زۆر لە خولەی نۆکەرت ئەترسم .پشتی پێ مەبەستە .ئەتواری باش نابینم.

-بۆ ؟ چی کردووە؟!

-ڕاستییەکەی گەلێک جار کە ناردووتە بۆ لای من، دەوروخولم ئەدا و هەندێ جار قسەی واشی دەربڕیوە کە بۆنی ئەوەی لێ بێ، دڵی پێمەوە بێ، بەڵام من هەر بەبێ ئەهمییەت تەماشام کردووە و بە تۆشم نەوتووە، بەڵام ئیمشەو بە یەکجاری دڵم لێ پیس کرد ؛ چونکە بە خشپەکەیدا دیار بوو کە خۆی گرتبوو لێمان.

-کچێ !دە وس بە ! شتی وا چییە؟ !خولەکیهەکانی نۆکەرم بێ بەوە دڵی لێ پیس بکەم .بە سەری ئەمیرخان بزانم لە کانیی دڵییەوە بە چاوی خیانەت تەماشات ئەکات، هەموو پەراسووەکانی سوور ئەکەم بە خەنجەر .جارێ بەدوعا .

ئەمەی وت و مامزەی دا لە قەبرغەی وڵاخەکەی و کوتای .هەر لە تاوی غارا بانگی کرد:

-مەحموو !دوام کەوە با بڕۆین!

بە جووتە ڕوویان کردە قەڵا .کە پاسەوانەکان ناسینیان دەرگایان لێکردنەوە و چوونە ژوورەوە.

گەلێ لە پیاوماقووڵان و سەردارانی کورد لە دیوەخانی ئەمیرخان دانیشتبوون .دەستەیەک خزمەتکاریش کە لە فیشەکا زەردیان ئەکردەوە، هەموو دەست لەسەر مشتوی خەنجەر ڕاوەستابوون و چاوەڕێی فەرمانیان ئەکرد .هەرکە عەدالْبەگ خۆی کرد بە ژوورا و سڵاوی کرد،

گەلێ لە دانیشتووان بەرزەپێ هەڵسان لەبەری تا دانیشت .ئیتر باوکی بێ ئەوەی لێی بپرسێ لە کوێ بووە ،ڕووی کردە دانیشتووان و وتی:

-هەموو لایەکتان ئەزانن کە میللەتی ئێمە سەری بۆ کەس شۆڕ نەکردووە و ملی دانەنەواندووە بۆ باری بێگار و ئاشکراشە کە هەریەکێ لە ئێمە نیشانەیێکی جەنگی پێوە ماوە و جێبرینێکی لە لەشا هەیە لە ڕێی خاکی کوردستانا، لە پێناوی ئازادی و سەرفرازیدا.

-بەڵێ ... بەڵێ گەورەم ڕاست ئەفەرمووی.

-ئێستاش کە من هاتمەوە بۆ ئێرە و پێتان شادبوومەوە، گەزگەز باڵام کرد بەوەی کە ئەگەر بشمرم با لە خاکی خۆما بنێژرێم.

-مەرگی ئێمە لە پێش تۆدا ئەبێ میرم ... هەموومان سەرمان لە ڕێتایە!

ئەمیرخان نەفەسێکی دا لە قلیانەکەی و ڕووی تێ کردنەوە:

-لەگەڵ ئەوانەشا من بیرم لەوە کردەوە کە پێویستە ئێمە هەمیشە ئاگامان لە دوارۆژ بێ و ئەوە بزانین کە ڕێگای بەئاواتگەیشتنی کورد بە نێرگس و ڕیحانە نەچێنراوە، بەڵکوو هەزارەها چقڵ و دڕکمان لەسەر ڕێدایە؛ لەبەر ئەمانە ئەوە بوو کە بڕیارمان دا بە هیممەتی مەردانەی ئێوە قەڵاکە تازە بکەینەوە و سەری خۆمانی تیا کز بگرین و چاوی دوژمنی پێ بترسێنین و بە ئازادی تیا بژین.

عەوداڵبەگ زۆر باش ڕووی کردبووە باوکی و گوێی لێ گرتبوو .هەڵێدایە و وتی:

-بەڵێ، بابە .. ئەمە ڕاستە .. ئەم قەڵایە نیشانەی سەختیی گرتنی خاکی کوردستانە، بەڵام هیچ بووە کە ببێتە هۆی ئەوە جەنابتانی پێ زیز بووبن.

-کوڕم!

دەستێکی ڕاکێشا بۆ پیاوانی کورد.

-من ئەمانەم لەگەڵا بێ، هیچ شتێ نییە پەستم بکات، بەڵام وەکوو زانیومانە ناحەزەکانمان بە تایبەتی" پیر بوداقبەگی ئازەربایجان "لای شاه عەباس بۆیان تێچاندووین، کە گوایا من ئەم قەڵایەم بۆیە سەرلەنوێ دامەزراندووەتەوە کە نیازی یاخیبوونم هەیە لە شاه .ئەویش بە هەموو ڕاوێژ و تەگبیرێکییەوە وەڵامی بۆ ناردووم کە بیست هەزار چەتەی جەلالی کە لە خاکی عوسمانییەوە هەڵاتوون و" قویوجی مراد پاشا "ڕاویناون، ئەبێ هەشت هەزار کەس لەم پیاوخراپانە بهێنمە ناو ئێوەوە و لەگەڵ ئێوەدا هەڵسن و هەموویان لە وڵاتی برادۆست نیشتەجێ بکەم.

یەکێ لە ناودارانی شنۆ دەستی دایە خەنجەرە دەبانە دەسکسپییەکەی و هەڵیکێشا و وتی:

-سوێند ئەخۆم بە خاکی کوردان، بە نوکی تیژی ئەم چەکەی کوردستانم پێ پاراستووە، مەگەر بە سەر لاشەکەما باز بدەن و بێن لەم خاکەدا کوڕێنی بکەن.

عەودالْبەگیش دوابەدوای ئەو وتی:

-بە سەری ئەمیرخان قەستەم، تا خوێنم نەڕێژرێ، نەیەڵم پیاوێکی قزڵباشی و جەلالی لەبەر ئاوێنەی قەڵای ناریندا دەست بە سمێڵیا بهێنێ.

ئیتر یەک یەک پیاوانی دیوەخان بڕیاریان لە سەر ئەم دوو سوێندە بوو .لە دواییدا، ئەمیرخان ڕووی تێ کردنەوە و وتی:

-پرس و ڕاوێژ باشە .بۆیەم کۆکردنەوە تا لە مەبەستتان بگەم .ئەوا تێگەیشتم کە هیچتان لەو بیرەدا نین کە ئێمە سەر بۆ فەرمانی شا دانەوێنین .کەواتە با ئەمجارەش لە پێناوی کوردستانا ئەم جەنگەش بکەین .یان مردن بە بەرزی، یان ژیان بە ئازادی .هەرکە ئەمەی وت، بریسکەی خەنجەری هەڵکێشراو لە هەرچوارلاوە ئەتوت بروسکەی ئاسمانە و چەخماخە ئەدا .بەم پێیە، بڕیار درا لەسەر جەنگ و بەرهەڵستکردنی فەرمانی شا.

بۆ ڕۆژی دوایی، دەست کرا بە گواستنەوەی چەک و زەخیرە بۆ ناوقەڵا .هەر پیاوێ دەستی تفەنگی پێ ئەگیرا، مەردانە ڕووی کردە قەڵاکە و لای ئەمیرخان پەیمانی جەنگی دا تا مردن . عەودالبەگیش پاش پرسی باوکی، ماڵی ڤیانی خۆشەویستی بە خاووخێزانەوە لەناو دێیەکەوە هێنا بۆ قەڵاکە و لە قەڵای نارینا دایبەزاندن کە جێی دانیشتنی ئەمیرخان خۆی بوو .دەسکرا بە پێکهێنانی ڕێگەدانان و چۆنییەتی جەنگ و خۆپاراستن .ئەمیرخان قوللەکانی دابەش کرد و لە هەر قوللەیەکیانا یەکێ لە دلێرانی کوردی کرد بە سەرکردەی قوللەکە و چەند پیاوێکی تری خستە ژێردەست بۆ ئامادەبوون بۆ ڕۆژی جەنگ، جەنگی ژیان و مردن!

لەدوای ئەم ڕێکخستنە، هەمووی دوو ڕۆژی پێ نەچوو کە پاسەوانی سەر بورجەکان بە کەڕەنا لەشکری ناو قەڵای ئاگادار کرد کە لە دوور هێرشی لەشکری دوژمن تۆز ئەکات .ئیتر دەسبەجێ دەرگای قەڵا داخرا و دەست درایە تفەنگ و تۆپچییەکان خۆیان دایە پاڵ تۆپەکانیان و ناوقەڵا کشومات بوو .نە دەنگ ما، نە چرپە .ئەوەندەی تری پێ نەچوو کە دەنگێک لە سەرەوە بەرز بووەوە:

-تاقەسوارێک ئاڵایەکی سپی هەڵکردووە و نامەیەکی بە دەستەوەیە دیارە ئەیەوێت بیگەیەنێ بە "خان ."

ئەمیرخانیش کە گوێی لەم بانگەوازە بوو، سوارێکی ناردە دەری قەڵاکە، کە بچێ ئەو نامەیە بهێنێ .هەر کە بۆیان هێنا، هەڵیچڕی و دەستی کرد بە خوێندنەوەی بە دەنگی بەرز و سەردارانیش هەموو گوێیان ڕاگرتبوو:

"بۆ سەرۆکی حکوومەتی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و ئورمێ و شنۆ" !

سەرداری عەشرەتی برادۆست ئەمیرخانی مەزن!

ئەوا هەشت هەزار سوارەی جەلالیمان نارد لە ژێر فەرمانایە، بۆ ئەوەی خۆتان یان عەودالْبەگی کوڕتان لەگەڵ هەندێ لە سەردارانی برادۆست و دووسەد سوارێکتان لە تەکیانا بن و بچن ئەم لێقەوماوە هەڵاتووانە جێگیر بکەن .ئەمە بۆ جاری دووەمە ئەم فەرمانەتان پێ ئەسپێرم ئەبێ بە زانایانەیی و توانایی خۆت بیبەیتە سەر و بە پێچەوانەوە ئەگەر هەر لە سەر ئەو بڕوایەی کە نابێ جەلالی لە کوردستانا بن، ئەوا حەسەنخان ئامادەیە بۆ جەنگ«.

نامەکە بە ئیمزای شاە عەباس بوو .هەر کە لە خوێندنەوەی بووە و سەرێکی بەرز کردەوە، وەک چاوەڕێی قسەیەکیان لێ بکا، لە ناکاوا دەنگ لە هەرچوارلاوە بەرزبووەوە کە بستێ خاکی خۆمان بە بێگانە نادەین، شاە نیازی خراپە لەم کارەدا و هەرگیز بەمە قایل نین .لە هەموولاوە ئەم قسانەیان ئەکرد.

ئەمیرخان لە سەر ئەم بڕیارەیان نامەیەکی بچکۆلەی نارد بۆ حەسەنخان و تێی‌گەیاند کە یان بگەڕێنەوە دواوە، یان ئامادەبن بۆ شەڕ.

لە بەرەبەیانا شەڕ داگیرسا .ئەو قەڵایچەیەی بە دەست عەودالْبەگەوە بوو، ئەو ڕۆژە پاڵەوانێتییەکیان نواند کە شایانی ئەوە بێ پشتاوپشت کورد بە شانازییەوە بیگێڕنەوە؛ چونکە هیچ تفەنگچییەکیان گوللەیەکیان بە خەسار نەئەدا، هەموو گوللەیەکیان، یان جەلالییەک، یان کڵاوسوورێکی لەسەر ئەسپ حەوا ئەدا و ئەیکوتا بە زەویدا .کارێکیان پێ کردن با بە دەواری شڕی نەکردبێ .ڤیانیش خێراخێرا عەماری تفەنگەکانی بۆ پڕ ئەکردنەوە و هانی ئەدان:

-ڕۆژێکە و هەر ئەمڕۆ دەرسێکیان دا بە دوژمن هەرگیز لە بیریان نەچێتەوە.

عەودالْبەگیش دەستی ئەنا بە پەلەپیتکەی تفەنگا و گابۆڕێکی ئەخستە ناو دوژمنەوە .ئینجا، بە دەم پێکەنینەوە ڕووی ئەکردە ڤیان:

-ڤیان !گیانی من !نموونەی بەرزی کیژۆڵەی کوردستان !ئەو گوللەیەی تۆ بۆم بخەیتە عەماری تفەنگەوە، گەر ڕاستەوخۆ بە سەردڵی دوژمن نەکەوێ، شەرتە بە گوللەی نەزانم.

بەم پێیە، چەند ڕۆژێ شەڕ دەوامی کرد بە گەرمی .کوردانی ناوقەڵا لە هیچیان کەم نەبوو . خواردەمەنییەکی زۆریان لەلا بوو و بە ژێرزەویدا خەندەقیش هەڵکەندرابوو بۆ سەر کانی و ئاوێکی خۆش کە دوژمن هەرگیز پێی نەئەزانی .ئا لەو شوێنە بە سەربەستی ئاوی پێویستی خۆیان بە ژێرزەویدا ئەهێنا .بە پێچەوانەی قزڵباشییەکانەوە کە بەڕەڵڵا بوون و وەک بە دەشتەوە بن وابوون

له بەرچاوی شەڕکەرەکانی ناوقەڵا .لەبەر ئەوە ، ئەوەندەی نەخایان کە" حەسەنبەگ"ی سەرکردەی لەشکری دوژمن هاواری لێ هەڵسا و پەنای بردە بەر شاعەباس کە فریای بکەوێت.

****

دنیا ساردە، بایەکی هەیە تف هەڵدەی ئەیبەستێ .ئەوانەی کە دەست و چاویان ئەشۆن، ئەبێ ماوەیەک فوو بکەن بە دەستیانا نەک بیبەستێ" .میرئاودالخان "لەگەڵ عەودالّبەگی کوڕی ئەمیرخانا ئەهاتن و ئەچوون و پیلانیان بۆ ئەم جەنگە دائەنا و بیریان لە دوارۆژێکی پڕبەختیاری ئەکردەوە .بە دەم هاتوچۆوە میرئاودالخان ڕووی کردە هاوڕێکەی و وتی:

-میرم ڕاست ئەکەی، ئێمەش هەموومان لەو بڕاویەداین کە ئەبێ ئەم خاکە پاک بکەینەوە .ئنجا ، پیاو لە ڕۆژێکی وادا بشکوژرێت قەیناکات لە پێناوی بەرزێتیی وڵاتیا.

-ئەرێ ئەوە ئەو گرمەگرمە چییە لە قوللەکانەوە؟ !ئەها !سەیرکە یاساوڵەکان کەوتنە خۆیان ئەوە بۆریژەنەکەش خەریکە فوو ئەکات بە کەڕەناکەیا، دیارە شتێک بووە.

-دەبا بچین بۆ لای باوکم بزانین چییە.

هەرکە بە جووتە گەیشتنە لای ئەمیرخان، پیاوێک نامەیەکی پێشکەش کرد بە ئەمیرخان و وتی:

-گەورەم لەشکرێکی یەگجار زۆر گەیشتنە بەرەوە تا چاو بڕ کات چادریان هەڵداوە، ئەم نامەیەشیان بە تیرێکەوە هەڵداوە بۆ ناوقەڵاکە .فەرموو بزانن چییە؟

میر دەستێکی نابووە بەر پشتێنەکەی و خەنجەرە مشتماهییەکەی بەو لادا لا دابوو، زەردەخەنەیەک گرتی و ڕووی کردە میر ئاودالبەگ:

-ئا بزانە ئەمجارە چییان لێمان ئەوێ؟ دیارە ئەبێ گوڕهەڵکەنیان زۆر لەگەڵا بێ پاش ئەو کارەڕەهاتەی بەسەریان هێنرا.

ئاودالبەگ کە نامەکەی کردەوە .بێوەستان دەستی کرد بە خوێندنەوەی:

"بەپێی فەرمانی شا وا چواردەورەی قەڵا ئەگرم ...لەشکرێکم لەگەڵایە بیست ئەوەندەی هێزی ناو قەڵاتانە ...هیچ دەرفەتتان نییە .ئنجا، بۆ ئەوەی خوێن نەڕێژرێ، داوات لێ ئەکەم تەسلیم بی و دەرگای قەڵا بکەیتەوە و قەڵاکە بەجێ بهێڵی؛ ئەگینا لەپاش بیست و چوار سەعاتی تر قەڵا ئەدەینە بەر بۆمبا و گوللە تۆپ."

ئاودالبەگ لە دامێنی نامەکەوە، ئەمەشی خوێندەوە :

"سەرکردەی لەشکر وەزیری ئەعزەم موعتەمیدوددەوڵە، ڕۆژی پێنجی کانونی یەکەم ساڵی ١٦٠٨م ڕێکەوتی بیستوشەشی شەشەڵانی )شعبان (ساڵی ١٠١٧ هیجری."

ئەمیرخان سەرێکی بادا و لە بەرخۆیەوە وتی:

-هەر ئەوە ماوە شاعەباس خۆشی تەشریف بهێنێ، بەڵام ئەبێ هەموو دنیا بیزانێ کە سەردارانی برادۆست نە مل بۆ وەزیری ئەعزەم کەچ ئەکەن و نە کڕنۆش بۆ شاعەباس ئەبەن . سەرێکە و هێناومانە .یا سەرکەوتن و حەقوەرگرتن، یان خۆبەختکردن و کوشتن.

هەر لە قسەکەی بووەوە، خێرا ئیتر بێوەستان دەستی کرد بە فەرماندەرکردن و جێقایمکردن و دابەشینی زەخیرەی جەنگ و ڕێکخستنی چۆنییەتی بەربەرەکانی و دانبەخۆداگرتن.

-میری خۆشەویست !عەودالبەگ !دە نەختێک بنوو، وەرە سەرکە سەر ڕانم.

-گیانی من ڤیان !کاتی نوستن نییە .کاتی ئەوەیە کە هەرچاوێکم بکەم بە دووان و خەو لە چاوم حەرام بکەم.

-ئاخر گیانەکەم وا بۆ چوار مانگی تەواو ئەچێ ئەم قەڵایە دەورە دراوە و قزڵباش و جەلالی وەک جانەوەر گەمارۆیان داوە، تۆ لەم ماوەیەدا کەمێک تامی حەوانەوەت نەچێشتووە.

-فریشتەی شیرینم !ناوخۆش گیان !خۆ تۆ لە من زیاتر هیلاک بووی، تۆش لەم چوار مانگەدا ئەم قەڵاییچەیەی منت بەجێ نەهێشتووە .یان خێراخێرا باڕوت و گوللەت بۆ هێناوین، یان نان و ئاوت بەشیوەتەوە بە سەرمانا، یان بریندارەکانت بۆ تیمار کردووم.

-هیوای دڵە ڕەنجەڕۆکەم !ئەمانەی من هیچی بەوە نابێ کە تۆ هەرشەوە نا شەوێ بە خۆت و تاقمێ تفەنگچیی پێشمەرگەوە خۆت فڕێ ئەدەیتە ناو ئەو ئاگرە سوورەوە و شەبەیخونێ ئەکەی . ئەزانی حاڵم چییە تا تۆ دێیتەوە؟

-ڕەنگە بزانم؛ چونکە خۆشم لە کاتێکا کە تیری ژەهراوی ئاڕاستەی سنگی دوژمنان ئەکەم، لە کاتێکا بە ناو ڕەوە وڵاخیانا خۆم ئەم بە چادرەکانیانا، لە کاتێکا کە لە پشتەوە خۆمان فڕێ ئەدەینە سەر پشتی یاساوڵەکانیان و بەیدەستیان ئەکەین .بە کورتی، لە تەنگانەم و لە سەرکەوتنما پاش کوردستان تاقە یەک ناو بە دڵما دێت و لە قورگی خنکاوما ئەمێنێتەوە کە ئەویش ناوی تۆیە؛ لەبەر ئەوەیانە کە زۆرتر هەوڵ ئەدەم هەر جارێ بە سەلامەتی بێینەوە.

-دە باشە ڕوناکی چاوی ڤیان !کەواتە با هەر دووکمان کەمێک بنووین . بە تایبەتی ئەوە ماوەیەکی کەمە دەنگی تەقە کز بووە .دیارە کە دوژمنانیش لە خرپەی خەوان.

-کەواتە باشە سەعاتێک ئەنوم، بەڵام با یاساوڵەکانی قوللەی خۆمان تەمێ بکەم زۆر ئاگادار بن.

لە قوژبنێکی قەڵاکەوە ڤیان ڕاکشا و خەوی لێ کەوت .عەودالْبەگ مشکییەکەی سەری خۆی پیا دا و خۆشی چووە سوچێکی ترەوە .تفەنگەکەی لەپاڵ خۆیەوە ڕاکێشا و کڵاوەکەی هێنایە سەرچاوی و بێدەنگ بوو.

لە کاتێکا کە عەودالْبەگ و ڤیان لەم گفتوگۆیەدا بوون، ئاگایان لێ نەبوو کە خولەکیهەکانی چۆن لێوی خۆی ئەکرۆشت و پڕیشکی ئاگر لە ناوچاوانی ئەباری و خێراخێرا بە توڕەییەکەوە فیشەکی ئەبردە بەر لوولەی تفەنگەکەی، بەڵام دیار بوو کە زۆر بێئارام بوو .زۆری پێ ناخۆش بوو کە ئەم دوو شۆخە وا پەیمانپەروەر و دڵداری ڕاستی یەکتر بن .هەر بیری لەوە ئەکردەوە چۆن تۆڵەیان لێ بسێنێ لەدوای لێکدانەوەیەکی زۆر، لە دڵی خۆیا وتی:

-شەرتە نەهێڵم بە خۆشی بیخۆن، بەڵام ناشتانکوژم بە دوو گوللە و ببڕێنەوە .ئەبێ بڕیار بێ بە تینویەتی بتانخنکێنم .هەر ئەم خەیاڵەی بە بیرا هات، کوتوپڕ چووە لای فەرمانداری دابەشینی ئاو و پرسی پێ کرد کە ڕێگای بدات ئەمجارە نۆرەی ئەو بێت بە ژێرزەوییەکەدا بڕوات بۆ کانییە دوورەکە و ئاو بهێنێت .ئیتر ئەو ڕۆیشتنە بوو کە ڕۆیشت .هیچ دیار نەبوو .کاتێ کە عەودالْبەگ ڕاپەڕی لە خەوێکی گران، خێرا بانگی کرد:

-مەحموود !مەحموود !ئەوە کوا مەحموود؟!

یاساوڵەکان ئەمەیان وت:

-بە خوا چووە خوارەوە نازانین.

ئیتر دەستبەجێ ئەمیش هاتە خوارێ و پرسی کرد تا تێیان گەیاند .لەمە زۆر سەری سوڕما خێرا پیاوێکی نارد بە دوایا .پیاو ڕۆیشت و نەهاتەوە .لەبەر ئەوە بڕیاری دا هەر چۆنێ بێ خۆی بچێ بۆ تاقیکردنەوەی سەرکانییەکە و بزانێ خولەی نۆکەری و پیاوەکەی تری چییان بەسەرهات.

وردەوردە بە ژێرزەمینەکەدا ڕۆیشت تا نزیک بووەوە لە زارکەکەی .لێرەدا ئیتر کەوتە خۆی و زۆر بە هێمنی و بە ئاگادارییەوە ئەڕۆیشت .لەپڕ گوێی لە دەنگی خولەی نۆکەری بوو کە بە پیاوەکەی تری ئەوت:

-بەڵێ ...من کانییەکەم پیشان قزڵباش دا ...من هێنامنە سەری .با هەموویان لەناو قەڵاکەدا لە تینوا بخنکێن ...با عەودالبەگ زمانی وشک بێ و توانای مژینی گۆنای ڤیانی نەبێ .خۆ من شێت بووم .مێشکم تەقی ئەمەندەم گوێ لە ڕازوخوازیان گرت لە قوللەکەدا و لێوی خۆم کرۆشت . ئەگەر بموێرایە شەرتە پارچەپارچەم ئەکردن.

عەودالبەگ گوێی لێ بوو کە پیاوەکەی تری بە دەست قزڵباشەکانەوە خۆی ڕائەپسکان و ئەیوت:

-بەرمدەن با ئەم خائنە ناپیاوە ناپاکە بکوژم، جا چیم لێئەکەن لێم بکەن .لەگەڵ قسەکەی تەواو کرد، عەودالبەگ گوێی لە هاوارێک و ناڵەیەک بوو .خولەش دوابەدوای ئەیوت:

-دە بخۆ !ئەوە گۆڕت بێ !تازە من بە تەمای چیم .بە خوا هەر کامێکتان بێنە سەر ئەم ئاوە ئەبێ ئەم شیرە بکەم بە ورگییا.

عەودالْبەگ تێ گەیشت کە مەحموود کیهەکانی چەپەڵی خۆفرۆش پیاوە برادۆستییە مەردەکەی کوشت .هەرچۆنێک بوو خۆی زەوت کرد و پاشەوپاش گەڕایەوە بۆ ناوقەڵا و پێی وتن:

-ئیتر ئاوی خواردنەوەمان نەما .دەست بگرین بەو نەختەئاوەی لە چاڵەکانا هەیە.

****

شەوە .تاریکە .چاو چاو نابینێ .چراکانی ناوقەڵا گەلێکیان کوژێنراونەتەوە تا دوژمن شوێنی تەقە نەدۆزێتەوە .تاکوتەرا چرای داگیرساو هەیە لە هەندێ لەو ژوورانەی کە نزمن و قوللە و پەنجەرەیان تیا نییە ڕووناکی بدات .سەربازە کوردەکان بە یەکا دێن و ئەچن .بەشێکی زۆریشیان لاڵوپاڵ لێی کەوتوون .یان بریندارن، یان لە تینوانا زمانیان نییە .ئەمیرخانیش ڕۆژ بە ڕۆژ قوللە بە قوللە، ئەم قەڵاییچە ئەو قەڵا ئەگەڕێ و سەربازەکان بەسەر ئەکاتەوە و هانیان ئەدا کە دان بەخۆیانا بگرن، پاش تەنگانە شادمانییە و خێراخێراش پێی ئەوتن:

-هەرکەسێکیش لە خۆی ڕانابینێ شەڕ بکات، یان بڕاوی بە هێزی ئێمە نییە و دڵی گۆڕیوە فەرموو دەرگای قەڵای بۆ ئەکەینەوە بڕاوت تەسلیم بێ.

بەڵام ئەو کوردە مەردانە کە هیی وایان بوو بۆ دڵۆپێک ئاو چاوی ڕاستی خۆی ئەبەخشی، ئەو زمانە پەلاسەیان ئەهێنایە دەرەوە و ئەیانخستەوە ناودەمیان و دەستیان ئەدایە شیر و تیریان .لە ڕووی ئەمیرخانا بەرزیان ئەکردەوە و ئەیانوت:

-میرم !گیانی ئێمە لە گیانی ئێوە شیرینتر نییە .ئەگەر مردن بێ، با هەمووان پێکەوە بین. ئەگەر ڕزگاری و سەرکەوتنیش بێ، با بێبەش نەبین .با شادەمەرگ ببین بە بینینی ئاڵاکەمان.

هەروا ئەمیرخان شوێنەکان گەڕا تا گەیشتە قەڵاییچەکەی عەودالْبەگی کوڕی کە سەیری کرد وا سەری ڤیانی خستووەتە سەرڕانی و ئەمیش چاوە گەشەکانی تێ بڕیوە و دەستی ناوەتە ناودەستی، بەڵام زۆر بێهێز و لاواز دیارە .هەرچەندی کرد، پرکێشی نەکرد بچێتە پێشەوە .لە پەنایەکەوە وەستا کە ئەوان نەیبینن .گوێی لێ بوو عەودالْبەگ ئەیوت:

-پەرییەکەی بەهەشتم !کوا زەردەخەنەی ڕۆژانت؟ بۆ کوێ چوو ئەو هەموو سوورایییەی سەر گۆنات؟ کوانێ هەڵپە و پەلاماردانی شەوانت؟ !تینویەتی بۆ وای لێ کردی؟ !کێ عەماری تفەنگم بۆ پڕ کا ئیتر ڤیان؟ !لێت ناگرم خونچەی سیسبووی باخی خۆشەویستیم !لۆمەت ناکەم ماوەی دە ڕۆژ بە ئاوی بۆگەنی باراناو و ئاوی بەفری تواوەی چاڵەبەفر ڕاتبوارد لەگەڵمانا .ئەمەش بۆ دە ڕۆژ ئەچێ کە ئەویشمان نەما .ئەو دەمە کشمیشییە جوانەت تەڕایی نەدیوە .لۆمەت ناکەم چونکە منیش کسپە لە سەر دڵمەوە دێت .وا زمانم وشک ئەبێ .شەرتە سوێند ئەخۆم بەو خۆشەویستییەی کە پێوەی ناونراوی، بەو جوانییەی کە یەزدان پێی بەخشیوی، بە ڕەنگی هەڵبزرکاوت و گۆنای پوکاوەت، ئەبێ ئیمشەو ئاوت بۆ بێنم ئەگەر لە بارەگای دوژمن هێناومە، یان ئەوەتا سەرم دائەنێم لە پێناوی ئەم ئازار و سزایەی کە وا بە بەرچاومەوە ئەیچێژی!

ڤیان چاوەکانی کردەوە و دەستی عەودالْبەگی ڕاکێشا .ئەیویست نەهێڵێ بڕوات و خۆی نەهاوێتە قوڕگی دوژمنەوە، بەڵام بێسوود بوو؛ چونکە ئەم سەری ڤیانی لەسەر ڕانی لابرد و هەڵسا .هەرکە ویستی لە قەڵایەکە بێتە دەرێ، لەپڕ چاوی بە باوکی کەوت .ئەویش بەبێ وەستان ڕووی تێ کرد:

-کوڕم !گوێم لە سوێندەکانت بوو .بەرهەڵستیت ناکەم .بەرخی نێر بۆ سەربڕین باشە .چەند پیاوێکی چابوک لەگەڵ خۆتا بەرە و خوا ئاگای لێت بێ.

-بەڵێ گەورەم.

عەودالْبەگ ئەمەی وت و هاتە خوارێ .پێنج لاوی ئازای بەجەرگی هەڵبژارد و هەریەکەش جەوەنەیەک و سێ مەتارەیان هەڵگرت و چەکی پێویستی چی بوو دایان لە خۆیان و سەر و دوو سێ چەقۆی تیژیشیان کرد بە بەرپشتێنەکانیا و بێدەنگ سووچێکی دەرگای قەڵاکەیان بۆ کرایەوە و چوونە دەرەوە.

بە خۆخشاندن بە زەوییەکەدا و بە ماتەماتە ڕۆیشتن تا نزیک ڕەشماڵێک بوونەوە، کە بە دیار کانییەکەوە هەڵدرابوو .هەموو سەربازەکان نوستبوون، جگە لە دوو یاساوڵ نەبێ کە لە بەردەمیا ئەهاتن و ئەچوون .هەر یەکەمینیان کە ڕووی کردە ئەمان، عەودالْبەگ بە هەموو هێزی خۆی چەقۆیەکی تیژی تێ گرت کە ڕاست چەقییە سەردڵی و بە دەما کەوت بە زەویدا .یاساوڵەکەی تریان کە ئەمەی دی، ئاوڕی دایەوە بزانێ ئەمە چییە .لە پشتەوە یەکێکی تریان خۆی فڕێدایە کۆڵی و دای بە زەویدا و تا نەیکوشت وازی لێ نەهێنا .ئنجا، هەرشەش زەلامەکە هەریەکەیان لە لایەکەوە هاتنە سەرکانییەکە بە ماتەماتە و بێخشپە .جەوەندە و مەتارەکانیان پڕ کرد لە ئاو .پاش ئەوەی خۆشیان تێر ئاویان خواردەوە، ئنجا بە هێواشی کشانە دواوە بەرەو قەڵا!

ناوقەڵا بوو بە هەراوهورییایەک کە هەرگیز چاوەڕان نەئەکرا .دەست کرا بە دابەشینی ئاوەکە قوم قوم بەسەر نەخۆشەکان و بێهێزەکانا کە بۆ ئاو پەرێشان بووبوون .ئازایەتی و لێبووردنی ئەم

قارەمانانە لێرەدا لە لوتکەی هەرەبەرزیدا دیاری ئەدا .ئەمیرخان بە دەستی خۆی ئاوەکەی ئەدانێ . بە هەرکەسێکی ئەدا، تکای لە ئەمیر ئەکرد کە بیدا بە ئاوەڵەکەی، ئەو پەرێشانە .عەوداڵبەگیش مەتارەیەکی برد بۆ لای" پەریزادخان"ی دایکی کە لە قەڵای نارینا بوو .تکای لێ کرد نەختێکی لێ بخواتەوە و ئەوی تری بەرێ بۆ قەڵاییچەکەی خۆی بیدات بە ڤیان و بە سەربازەکانی.

پەریزادخان چووە ژوورسەری ڤیان کە وەک درەختێکی سەوز و ئاوی لێ بڕابێ .وای لێ هاتبوو ئەو ڕەنگە جوانەی ژاکابوو .یەک دوو دڵۆپ ئاوی تکانە دەمی .لێوەکانی پێ تەڕ کرد و زمانی کەمێک کەوتە گەڕان .ئیتر وردەوردە ئاوەکەی ئەکرد بە دەمییەوە تا بە تەواوی هەستی پێ کرد کە ڤیان تینویەتییەکەی شکا و چاوەکانی هەڵبڕی .ئنجا، چوو بە لای سەربازەکانەوە .ئەوانیش مەتارەکەیان وەک یەک لەناو خۆیانا بەش کرد .کاتێ عەوداڵبەگ هات بۆ لایان و سەیری ئەو چاوانەی کرد کە هەمووی بەرامبەر بەو هەڵیانهێنابوو، تێ گەیشت کە تا چ ڕادەیەک ئەو سەیرکردنە مانای سوپاس ئەگەیەنێ، بە تایبەتی چاوەکانی ڤیان.

****

بەڵام ئەم شادییە و دەمپاراوبوونە زۆری نەخایان .هەر بۆ ڕۆژی دوایی کە جەنگ دەستی پێ کردەوە و قەڵا درایە بەر گوللە تۆپ و تفەنگ، ناوقەڵا شڵەژایەوە .تینویەتی کارێکی زۆری کردە سەریان .لەگەڵ ئەوەشا، شەڕێکی زۆر باڵایان ئەکرد؛ چونکە بۆ هیوایەک بوو بۆ ئامانجێک !! لەبەر ئەوە، شەڕنەکەری و ترسنۆکییەک لەناو هەموو قەڵاییچەکانی قەڵای دمدما نەئەبینرا .ئەوەی کە باری سەرشانی ئەم مەردانەی گران کردبێ، بێئاوی بوو؛ چونکە بۆ شەوی دوایی کە ویستیان

شەبەیخونێکی تر بکەن و ئاو بهێنن، سێ چوار کوڕی لاوی ئازا هەر لە سەر پیلانەکەی شەوی بەروی عەودالْبەگ ڕۆیشتن، بەڵام پاش چەند دەقیقەیەک لە دوورکەوتنەوەیان لە قەڵا، هەموویان درانە بەر دەستڕێژی تفەنگ و تاقە یەکێکیان نەبێ بە بریندارى خۆی گەیاندەوە قەڵاکە .ئەوانی تر هەر لەوێ گیانیان سپارد .بریندارەکەش هەر ئەمەندەی وت:

-کەس نەچێ ...کەسی تر مەنێرن بۆ سەر کانییەکە ...پاسەوانێکی زۆری لێ دانراوە ... خولەکیهەکانیش سەرکردەیانە.

هەر ئەمەی وت و ئەویش گیانی سپارد و چووە لای ئاوەڵەکانی تری.

ئیتر تا ئەهات بێئاوی ورەی پێ بەرئەدان .ڕۆژ تا ئێوارێ لە جەنگابوون .شەو تا بەیانیش لە خوا ئەپاڕانەوە ڕزگاریان کات لەم تەنگوچەڵەمەیە .پیاوێکی پیریان لە ناوا بوو برادۆستی بوو شەوان بە گورانییەوە باسی ئەو ژیانە تاڵەی خۆیانی ئەوت بە ڕادەیەک کە تا ئێستاش لاوکی کوردستانە .بە کورتی پاش مانگێک دەرد و ئازار و خنکاندن، بارانێک باری، بەڵام بارانێکی زۆر تەنانەت هەموو چاڵە وشکەکانی ناوقەڵا، بە چاڵەبەفرەکانیشەوە پڕ بوو لە ئاو .کە باران خۆشی کردەوە ئەمیرخان ڕووی کردە سەردارەکانی دەوروپشتی و وتی:

-بە بیری من، ئەم ئاوە بەشی تا سێ مانگی ترمان ئەکات لە خوا بەزیاد بێت.

"قەرەبەگ "دوابەدوای ئەو وتی:

-میرم !ئنجا چاوت لە جەنگی کوردانی برادۆست بێ ... با تێرئاو ببن، بزانە هیچ کەسێکیان گوللە بەفیڕۆ ئەدات .ئەمیرخان زەردەخەنەیە گرتی:

-ڕاستییەکەی ئەبێ وابێ؛ چونکە پێویستمان بە فیشەک هەیە و هەر خواش ئەزانێ ئەم شەڕە تا کەی بەردەوام ئەبێ؛ چونکە قزڵباش ئەوەندە زۆرن دواییان هەر نایەت، بەڵام شەڕێک لە ڕێگای شەرەفا بێت، ناوی شەهیدانی ون نابێ .لەگەڵ یەکەم نەڕەی ئەمیرخانا، دەست کرا بە دەستڕێژ، بە شەڕ؛ شەڕێک کە هەر لە کورد بوەشێتەوە .سەرداری لەشکری دوشمن کە ئەم پەلاماردانە ناوەختەی دی و کە بۆی دەرکەوت تا ئێستا کفتی بێئاوی بوون، وا باران ئەوەشی بۆ چارکردن بە ناچاری بڕیاری زەوتکردنی قەڵاکەی دا بە هەر نرخێک بێ.

هەموو سەرتیپ و یاوەرەکانی خۆی گرد کردەوە و فەرمانی هێرشی دانێ .هێرشێکی بێگەڕانەوە، شەڕکردن تا دوا سەرباز، یان گرتنی قەڵا.

بەم پێیە، بە شێوەیەکی سوپایی و لەسەر ڕێگەیەکی ڕێکوپێک، سەربازی پیادە لەپشت گالیسکەی پێچکەدارەوە و بە دوا لولەی تۆپ و پەیژەی درێژدرێژەوە لە هەرچوارلاوە بەرەوڕووی قەڵا هاتن .هەرچەندە وەک گەڵای دار لێیان ئەکەوت بەدەم گوللەی برادۆستییەکانەوە، بەڵام سەرداری قزڵباش فەرمانی دابوونێ هەر کەسێ بگەڕێتەوە بە دەستی خۆی ئەیکوژێ .کاتێ کە سەربازەکان زانیان لە هەردوولاوە هەر کوشتنە، ئیتر بە ناچاری هەموو هێزێکیان دایە بەرخۆیان کە بگەنە پەنادیوارەکانی قەڵا .پاش یەک مانگی تەواو شەڕکردن بە شەو و ڕۆژ و چادرهەڵدان لە نزیک قەڵاوە و پەیژەدانان بۆ سەر قوللەکان و خستنەخوارەوەیان لە لایەن کوردەکانەوە .پاش یەک مانگ، ئنجا ئەو لەشکرە گەورەیە توانیان بورجی یەکەم بڕوخێنن کە لەژێر فەرمانی قەرەبەگدا بوو و بورجی پێشمەرگەیان پێ ئەوت .بە زەبری بوردومان و باڕوتی تۆپ، شەڕکەرە ئازاکانی ئەو

قەڵاییچەیە کوژران و شوێنەکەیان کەوتە دەست قزڵباشەوە .بە ڕاستی کوشتنی قەرەبەگ برینێکی گەورە بوو کرایە دڵی ئەمیرخان .هەر وەک گرتنی بورجەکەش و داگیرکردنی لە لایەن قزڵباشەوە بوو بە هۆی ماتەمینییەکی ناخۆش لەلای هەموو شەڕکەرەکانی قەڵاوە، بەڵام وەنەبێ هەر ئەمان وا لە ناخۆشییا بووبن، بەڵکوو قزڵباشەکانیش بەسەر کۆستی خۆیانا کەوتبوون؛ چونکە وەزیری ئەعزەم" موعتەمیدوددەوڵە "کە سەرداری هەموو لەشکری عەجەم بوو، هەر بۆ ئەو شەوەی دوای جەنگی گرتنی بورجەکەی قەرەبەگ، کوتوپڕ مرد و بە فەرمانی شاهانە" محەممەدبەگی بیگدەلی " کرا بە سەردار و هات بۆ گرتنی قەڵا!

****

هاتنی سەرداری تازە جۆرە جوڵانەوەیەکی تازەی خستە ناو لەشکری عەجەمەوە .لە هەموو لایەکەوە کەوتنە مەنجەنیقهاویشتن بۆ ناو قەڵاکە .بۆمبا وەک خۆڵ دائەباری بەسەر کوردەکانا . شاپڵیتەی ئاگرینیان ئەکرد بە سەری تیرەکانەوە و بەجارێ دووسەد سێسەدێکیان لێ ئەهاویشت بۆ ئەوەی پارێزەرەکانی ناو قەڵا خۆیان خەریک بکەن بە ئاگرکوژانەوە و ئەمانیش بکەونە بورجڕوخاندن .بەم پێیە، شەڕ گەرم بوو .گرمە و ناڵەناڵی تۆپ تێکەڵ بە نرکەی تفەنگ و بریسکەی شیر و چریسکەی شاپڵیتەی تیری ئاگراوی و زاقوزریقی مناڵ و نەڕەی شێرانەی کوردەکان بووبوو .بەم بۆمبابارانە قوللە بەدوای قوللەدا، قەڵاییچە بەدوای قەڵاییچەدا، بورج لە دوای بورج ئەڕوخێنرا و هێزی خۆپاراستن کەم ئەبوو .لە بورجەکەی عەودالْبەگا جەنگ لە ئەوپەڕیدا بوو .ڤیان ئەهات و ئەچوو و ئارام و سرەوتی نەبوو؛ تفەنگی ئەمی دائەگرتەوە و ئاوی

ئەکرد بە دەم ئەو برینداره‌وە و برینی ئەپێچا و سندوقەفیشەکی ئەهێنایە بەردەمیان .لەپڕێکا گوللەیەک لەبەر قۆڵی چەپی عەودالْبەگ کەوت .لە کاتێکا کە ڤیان مەتارەیە ئاوی بە دەستەوە بوو ئەیکرد بە دەمی زامدارێکەوە، گوێی لێ بوو عەودالْبەگ بانگی کرد:

-ڤیان !تا ئێرە وەرە!

ڤیان بە پەلە خۆی کوتایە لای عەودالْبەگ .کە سەیری کرد خوێن لە قۆڵی فیچقە ئەکات، خێرا سەرپۆشەکەی سەری خۆی داگرت و دایدڕی و کەوتە پێچانەوەی .بەدەم قوڵپی گریانەوە وتی:

-تۆ خوا لەبەر من ئاگات لە خۆت بێ، خۆت لە سەنگەرەکە باش قایم کە.

هێشتا لە قسەکەی نەبووبووەوە کە شڵپەی شتێک هات و ڤیان کەوت بەسەر عەودالْبەگا .کە سەیری کرد، گوللەیە و بەر سنگی کەوتووە و خوێن وەک فوارە هەڵئەقوڵێ .بێ ئەوەی گوێ بداتە برینەکەی قۆڵی خۆی، تفەنگەکەی هەڵپەسارد و پەلاماری ڤیانی دا و دای بەسەر شانی ڕاستییا و وردەوردە هێنایە خوارێ بیبا بۆ قەڵای نارین .کە پەریزادخانی دایکی عەودالْبەگ چاوی بەو سنگە سپییە کەوت و ئەو خوێنە سوورە گەشەی پیا ئەهاتە خوارێ، بە هەردوو چەپۆک کێشای بەسەریا و بانگی لێ هەڵدا:

-ڤیان !بووکی ناکامم !کیژی بەئامانج نەگەیشتووم !گوللەی وێڵ بوو پێتەوە نووسا...

ناوقەڵای نارین پەشۆکا .هەموو دەوری ئەو جێگایەیان دا کە ڤیانی لەسەر ڕاکێشرا بوو . عەودالْبەگیش بە قۆڵی برینداره‌وە لە ژوورسەریەوە دانیشتبوو و بە سۆزێکی نائومێدییەوە ئەیوت:

-دڵداری پەیمانپەروەرم !قۆچی قوربانی کوردستان ! نیشانەی خۆ بەختکردنی کورد !ڤیان گیان چاوێک هەڵبرە !ئەو چاوە جوانانەی کە جاران ئەتوت چاوی ئاسکن؛ ئەو چاوانەی کە لە هەموو کاتێکا پاڵپێوەنەرم بوون بۆ نەبەزاندن و کۆڵنەدان ... ئەو دەستە جوانانەی ئێستا زامی قۆڵمی ئەپێچا بۆ وا بێهێز بوون؟ !گوللەی دوژمن لە کاری کردن...

ئیتر لەبەر گریانی مناڵ و لاواننەوەی ژنان عەودالْبەگ توانای قسەکردنی نەما .ئەوەندەی پێ نەچوو کە ڤیان چاوەکانی هەڵبڕی ڕووبەڕووی عەودالْبەگ و دەستی خستە ناو دەستییەوە و بە زۆرلەخۆکردن وتی:

-من ئەمویست بە بووکێنی بێمە قەڵای نارینەوە .ئەوا هاتم !ئەی خۆت بە باوەشی خۆت نەتهێنام ؟ !ئەمە شەرەفێکی گەورە بوو بۆ من!

-ڤیان گیان !بۆ هاتی؟ بۆ لێرە لای دایکم نەمایتەوە دوور لە شەڕ؟!

-وا مەڵێ ! سەرکردە پاڵەوانەکەم !ئەی من نەکوژرێم و ئەو لە تینوا نەخنکێ و یەکێکی ترمان بریندار نەبێ، ئەی چۆن ئەم وڵاتە جوانە ڕزگاری ئەبێ؟!

-گیانی من !با هەر ئێمە بکوژراینایە ... با من بریندار بوومایە و تۆ لە ژوورسەرم بوویتایە .. بۆ وات لە خۆت کرد؟ !من چی بکەم ئێستا چی؟ !چۆن تۆڵەی ئەم خوێنە گەشەت بسێنم؟ !ئەو گوللە ناهەموارە چی بوو بەر ئەو سنگە سپییەت کەوت ؟ !ئەی ئەم دڵۆپەخوێنانە ئەمە خشڵی بووکێنیتن؟ !ڤیان گیان!

-دڵی خۆت سەخڵەت مەکە ... من واچرام بەرەو کوژاندنەوە ئەچێ ، بەڵام تۆ بچوو بە لای قەڵاکەتەوە ...شەڕ بکەن ...یان هەمووتان ئەکوژرێن، یان سەرئەکەون ... تۆڵە ئەسێنن؛ گیانی قزڵباش دەرئەهێنن، بەڵام دەخیلتم هەرگیز پشت نەکەیتە دوژمن .. دوژمن ئامانی نییە .. هەر ڕووبەڕوویان بجەنگێ .. باشە عەوداڵ گیان.

-شەرتە پەیمان بێ تا ئەدرێمە بەر گوللە، هەر شەڕ بکەم و تا گیانم تێدابێ خۆم نەدەم بە دەستەوە.

-ئای ئەو سەوزایییە جوانە چییە؟ ئەوە کوردستانە .. ئای لەو بەهەشتە خۆشە ئەو هەموو گۆڵزارە چییە؟ ئەوەش حەوزی ئاو و فوارەیە .. ئەو کۆترە سپییە جوانانە .. گوێ بگرن ئەخوێنن .. ئەوانەش پەرین لەناو ئاوەکەدا هاتوون بۆ لای .. من.

ئەمەی وت و گیانی سپارد.

شیوەنێکی بەکوڵ دەست پێ کرا لەسەر لاشەی ڤیانی جوانەمەرگ.

عەوداڵبەگ بەدەم فرمێسکەوە هەناسەیێکی هەڵکێشا وتی:

-ئەی شۆخی ئازا !بەو خوێنە گەشەت کە ئێستا ڕژا، بە ڕەنگی ئاڵی برینی سنگت، بە مەردایەتی ناو کۆڕی جەنگت، پەیمانت ئەدەمێ .. پەیمان بەو گیانە پاکەی سپاردت کە ماوە نەدەم گوللەیەکم بەفیڕۆ بچێ .یەکوحەوت تۆڵەت بسێنم تا گیانم دەرئەچێ و پێت شاد ئەبم ئەی بووکی خوێناوی کوردستان!

لەو قسانە بووەوە .یەک دوو پیاو چوونە ژێربالّی و بردیانە دەرەوە .ئەویش ڕاست خۆی کوتا بۆ سەرەوە بۆ قەڵاکەی خۆی .دەستی دایەوە تفەنگەکەی و نیشانی خۆی گرت لە دوژمن .یەکێ بەسەر پەیژەوە، یەکێک بە سواری، یەکێکی کە لەپشت لوولەی تۆپەوە، یان لەپشتی گالیسکەوە، یەک یەک ئەیخستنە خوارێ .ئاگای لە هیچ نەما بوو ،تۆڵە نەبێ . تۆڵەی ڤیان .تەنانەت ئاگاشی لەوە نەبوو کە وا بەرودوا پیاوەکانی لای خۆی کە لە سەنگەرەکەدا لەگەڵیان بوو زۆریان نەماون و یەکەیەکە کوژراون و ماوە خۆش بووە بۆ دوژمن کە بە پەیژە سەرکەون بۆ سەر قەڵاکە .هەر ئەوەندەی زانی زریکەیەک هەڵسا لە یەکێ لە پیاوەکانی:

-عەودالّبەگ کوژرای.

کە ئاوڕی دایەوە سەیری کرد یەک پیاوی بەساغی نەماوەتەوە، ئەوەیان نەبێ کە زریکاندی، ئەویش برینداره و خولەکیهەکانی ناپاکیش بە شیرێکەوە ویستوویەتی لە پشتەوە ئەو بکوژێ بەڵام ئەو زریکەیە ڕاپەڕاند .دەستی دایە شیرەکەی و لە کالانی دەرکێشا و ڕووبەڕووی خولە وەستا و وتی:

-ئەی ناپاکی خۆفرۆش !شەرت بێ ئێستا دەردێکت بدەمێ بە خەویش بە خەیاڵتا نەهاتبێ ... تۆڵەی هەزارەها جوانی وەک ڤیانت لێ بسێنم و بتکەم بە نموونە بۆ هەموو خائنێک.

-بزانە چۆنت ئەنێرم بۆ لای ڤیان .. دیارە بووکەکەت کوژراوە بۆیە وا پەرێشانی.

دەستیان کرد بە شەڕەشیر .بەدەم ئەوەوە لە پلیکانەکان ئەهاتنە خوارێ .لە دواپلەیا عەودالّبەگ بە دەسێکی شیرەکەی خولەی توند کرد لە دیوارەکە، ئارەقی شین و مۆری پێ کردەوە، بەڵام ناپاکە

لە ژێرەوە قاچی بەرز کردەوە دای بە سەر سنگی عەودالْبەگا و دای بە زەویا .پێش ئەوەی شیرەکەی بکا بە سنگیا، ئەو وەک کێچ ڕاپەڕی و کەوتنە جەنگ .ئەوەندەی پێ نەچوو کە خولەکیهەکانی لە پڕتاوی شیروەشاندنێکا بۆ سەرسنگی عەودالْبەگ، شیرەکەی چوو بەو دیوارەدا کە عەودالْبەگ پشتی پێوە نابوو، بەڵام شیرەکەی عەودالْبەگ چوو بە ورگی خولەی کۆنەنۆکەریا و بە لادا هات .شیرەکەی دەرهێنایەوە و بە پشتێنەکەی خولە سڕی و ئەیویست سەرکەوێ بۆ قەڵاییچەیەک کە ئاودالْبەگی تیا بوو .نەیزانی زۆری بورجەکان ڕووخێنراون و عەجەم هاتوونەتە ژووری قەڵاکانەوە .وەختێکی زانیی، تەقەی گوللەیەک هات و ئازاری بە پشتی گەیشت .کە ئاوڕی دایەوە بۆی دەرکەوت ئەمە گوللەی قزڵباش بوو پێکای لە پشتەوە .هەناسەیەکی هەڵکێشا و ڤیانی بیر کەوتەوە کە لە سەرەمەرگا پێی ئەوت:

-پشت مەکەرە دوژمن.

ئیتر پاڵی دا بەو پلیکانەیەوە و خوڕخوڕ خوێن لە پشتی تافەتافی بوو .کەسیش ئاگای لە کەس نەبوو .ئەوەندەی زانی قەڵاکەی پشتییەوە هەرەسی هێنا بە بۆمباباران و کەوتە ژێرییەوە .هەر ئەوەندەی لە دەم هاتەدەر:

-هاتم ڤیان گیان !هاتم بۆ لات بە بەرگی خوێنینەوە .بەڵام گەلی کورد خوێنم ون ناکات.

****

لەم کاتەدا کە وا قەڵای دمدم بەرەو ڕووخاندن ئەچوو، سەرداری عەجەم بیستی کە" مەلا ئەحمەدی بادینانی "بە سی هەزار سوارەوە بەڕێوەیە بۆ یارمەتیی کوردانی ناوقەڵا .لەبەر ئەوە،

عەجەمەکان ویستییان پیلان بەکار بهێنن، داوایان لە ئەمیرخان کرد کە تەسلیم بێ، بەڵام ئەمیر وەڵامی ئەمە بوو:

-تا تەرمەکەم نەبەنە دەرێ، دەرگای قەڵا بۆ دوژمن ناکەمەوە.

-باشە !با شەڕ بوەستێنین و پێک بێین!

-بە مەیان ڕازیم بەو شەرتەی قەڵاکەم لەگەڵا چاک بکرێتەوە و هەر بە دەست خۆمەوە بمێنێ و چەتەی جەلالیش لە کوردستانا نیشتەجێ نەبێ.

-باشە فەرموون با بینووسین و مۆری کەین.

ئەمیرخان تەنیا قەڵای نارینی بە دەستەوە مابوو .جگە لەوەش، بەم هاتنەی مەلای بادینانیی نەزانیبوو .لەبەر ئەوە، لەسەر ئەو مەرجانە پێکهاتن و بە چەک و شیر و تیری تەواویانەوە هاتنە خوارێ لە بارەگای" محەممەدبەگی بیگدەلی"یا سەنەدیان نووسی و مۆریان کرد .سەرداری عەجەم بە چەند سوارێکا نموونەیەکی سەنەدەکەی بە ئیمزای ئەمیرخان نارد بۆ مەلا ئەحمەدی بادینانی کە ئەرکی هاتن نەکێشێ .وا جەنگ بەرپا بوو و ئاشتی کەوتە بەینەوە .هەر ئەوەندە ئەمەیان جێبەجێ کرد، چەند پیاوێکیان نارده ئەو چادرەی کە هەندێ لە سەردارەکانی برادۆستی تیا بوو داوایان لێ کردن کە چەکەکانیان لە خۆیان بکەنەوە دنیا گەرمە و ماندوو ئەبن، بەڵام ئەم مەردانە تێ گەیشتن کە ئەمە داوە بۆیان ئەنێنەوە .ئەوەندەی پێ نەچوو کە ناچاربوون لەناو جەرگەی لەشکری دوژمنا دەست بدەنەوە شیر و ڕووبەڕووی یەک شەڕێکی قارەمانانە بکەن . هەرچەندە زۆریان لێ کوشتن، بەڵام زۆربوون لە دوایی نەئەهاتن .لە ئەنجاما، سەراپا لە

ئەمیرخانەوە تا هەموو سەردارەکان و پیاوانی برادۆست مەردانە کوژران و زیندەوەریان لێ دەرنەچوو؛ چونکە قزڵباشییەکان سڵیان لە کوشتنی ژن و منداڵیش نەئەکرد.

****

بەم پێیە، قەڵای دمدم کە نیشانەی مەردایەتی و قارەمانی" موکری"ی بینییە، لە کۆتاییدا لاشەی پیرۆزی ئەو شەهیدانەشی گرتە باوەش و لە خاکە ڕەنگینەکەیا، هەر بە جلە خوێناوییەکانیانەوە شارانەوە.

بەڵێ، لە خاکی کوردستانا نێژران، نیشانەی کۆڵنەدان و جەنگاوەرێتیی نەتەوەی کوردە لە پێناوی ئازادی کورد و کوردستانا.

سلێمانی :٩٥٨٩/١٠

¤

شناسی کورد
KORDSHENASI



بەغدا، ١٩٦٠
نەقابەی مامۆستایان